دەستگیرکردنی دوو تۆی قاچاخچیەتی بە کەلوپەلی کۆن لەهەردوو پارێزگای سەلاحەددین و کەربەلای پیرۆز

ئەمە شەممە،دەزگای هەواڵگری و لێکۆڵینەوەی فیدراڵی، دەستگیرکردنی دوو تۆی قاچاخچیەتی بە کەلوپەلی دەرین لە پارێزگای سەلاحەدین و کەربەلای پیرۆز ڕاگەیاند.

دەزگاکە لە بەیاننامەیەکدا، بڵاویکردەوە:- هێزەکانی دەزگای هەواڵگری تایبەت بە بەرێنگاربوونەوەی تیرۆر لە (سەلاحەددین) ،لە ڕێگەی هەوڵە هەواڵگرییەکانەوە، زانیاریان پێگەیشتوە کە ئاماژە بە بوونی تۆڕێک دەکەن بە بازرگانیکردن و قاچاخچیەتی بەکەل و پەلە کۆنەکان.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:- دەستبەجێ تیمێکی کاری هەواڵگری پێکهێنرا بە دەنیابوون لە زانیارییەکان و دیاریکردنی شوێنی مانەوەیان،دوای وەرگرتنی ڕێزامەندی دادوەر،هێزەکمان هێرشیانکوتایە سەر تۆڕەکە و یەکێک لە تەمەتبارەکان بە هەڵگرتنی چەند کەلوپەلێکی شوێنەوارەوە دەستگیرکرا.

بەپێی بەیاننامەکە لە ئەپراسیۆنێکی دیکەی جیادا کە لەلایەن هێزەکانی دەزگای بەرێنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان لە کەربەلای پیرۆز ئەنجامدرا، بە پشتبەستن بە زانیارییە هەواڵگرییە دروستەکان،پێنج تەمەتبار (کە دوو کەسیان لە ڕێگەزنامەی یەکێک لەوڵاتانی عەرەبی هەبوو) دەستگیرکران، لەلێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتوە :- کە دەستگیرکراوان کتێبێکی کۆنیان پێ بوە کە مژووەکەی دەگێڕێتەوە بە سەردەمی مژوویی کۆن ویستویان.